5-10-2007 0:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**درەختێک کە خۆی خوار بوو.. ئیتر چۆن سێبەرەکەی ڕاست ئەکرێتەوە؟!، ... نەوزاد شێردڵ**



سالأنێکی زوو هەر بۆ قسەی خۆش نەك بە جدی ئەیانووت ئەو کوردانەی خەڵکی سلێمانی کە لە بەغداد ئەیانخوێند یا کەسابەتیان ئەکرد، کە ئوتۆمبێلێکی پلەیت سلێمانی یان بدیایە ئەچوون کەمێك هەوای تایەکەیان فش ئەکردووەو دوای تێر بۆن کردنی هەوای تایەکە بە نەشئەوە ئەیانووت:- ئۆۆۆۆخەی شە ماڵ و نەسیمی سلێمانی یە حەیاتەکە!! دوای پانزە ساڵ ژان و کەسەری هەندەران کە باس و وەسفی پلەی شەوقی کوردوستان بە گشتی و سلێمانییش بە تایبەت لێرەدا مەحاڵە و ئەوەی نەیخوات نازانێت تامی چییە! هاوڕێیەکم لە ئەمریکا پێی ووتم تووخوا ئەگەر هاتیتەوە لەگەڵ خۆتدا مشتێك خاك و خۆڵی سلێمانییم بۆ بکەرە پارچە پەڕۆیەکەوە و وەك مووفەڕك بۆم بێنەرەوە، هەر بە گەیشتنم بە سلێمانی و دوای چەندان باسی خەم و خۆشییەکانی ڕابوردوو لای هاوڕێ ی سێیەممان لە شار.. هەر ئەوەندەی خۆش بوو کە گوێ ی لە داخوازیی مشتێك خاك و خۆڵ و پارچە قووماشەکەی ئەمریکا بوو، ئیتر چوون بەلەسە بوونی ئەسپێك (لە بەر خۆشەویستیی ئەو هاوڕێ بەڕێز و ڕۆشبیر و لە برا خۆشەوویست ترەم نالێم بارگیر) بە جۆرێك تووڕە بوو بەر چاوی هیچی نەئەدی:- کوڕە لە باتی خاك و خۆڵ، مشتێ (... !) ی بۆ بەرەوە و پێشی بڵێ بیری نەچێت سێ ژەمە پێش نان خواردن کەوچکێکی لێ بخوات ئەوە بۆ هەموو ئازارێکی گازی سکی باشە!! خاك و خۆڵی چی نەوزاد گیان؟! ئەو تەپ و تۆزە کەمەی کە ئەیبینی ماوە، هەمووی زادەی بن نەعلی عەرەبەکانی باشوور و ژێر تایەی ئەو لاندگرۆزە جام ڕەشانەن کە مەگەر هەر خوا بزانێت کێیان تیایە، ئەزیزم پێی بڵێ چی خاك و خۆڵی شارە یا کردمان بە قوڕو دامان بە سەری خۆمانا یا تەنانەت ئەویشیان ئاودیوو کرد، من دڵنیا بووم کە هاوڕێ ی ناوبراوی سلێمانی وەك شارەزایەکی وورد و درشتی دەردەکانی سالأن لە تاو تووڕەیی خۆی لەو وەزعە و پێشترییش لە داخی شەڕی ناوخۆ و دەیان بەزمی تر ئەو قسانەی ئەکرد ئەگینا ئەگەر بڵێ ی لە ڕووی گوزەرانی ژیانەوە و بێ ئەوەی پێویستی بە ئیمزای واسیتەیەکی چ ئێستا و زەمەنی بەعسییش هەبووبێت لە خێزانێکی بە ئیمکانییەتی کاسپکاری شار بوون و بگرە لە ڕووی کوردایەتی پاکییشەوە دایکی بەهەشتییان یەکەم ژنە شەهیدی شۆڕش بوو، دووا جارییش کە دڵنیا بوو من وەك غەریبێکی کاوول بووی هیجرەت بەو قسانەی ئەو زۆر دڵتەنگ بووم بە هێوریی ووتی:- خۆت چەند مانگێك لێرە ئەمێنیتەوەو ئەوسا لە بارەی ئەو سلێمانییەی کە جاران ئەتگووت - خودایە مەرگی حەزرە تی نوحیشم لە دەرەوەی سلێمانی پێ نەبەخشیت و پەنجا سالی ئێرەم بەسە - دڵنیام بەو زیرەکیی و چاو کراوەییەی خۆت کەمێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلأودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەقیقەتەکان لە نزیکەوە ئەبیینییت و ئەوسا پێت ئەڵێمەوە، ، ها مەرحەبا؟، هەڵبەتە سەردانەوەی مرۆڤی غەرییب بەر لە هەر شت بۆ خاتری چاو و ڕوونیی دیداری کەس و کار و خۆشەویستانە و بە دوویدا بەسەر کردنەوەی شار و هتد.. بەڵام من بەو پێیەی دوور لە گیانی ئەو چەند خۆشەویستەی ماومن و براکانی ترم و کەسانی ترم لە ژێر خاکدا بوون، ئیتر زوو تر فرسەت و دیراسەی گەشتی ناو شار و فەزا شێواوەکەم بۆ ڕەخسا، ، هەزار ئەسەف بۆ سلێمانی یە خۆشی لە خۆ نەدیوەکەم، یا ڕاستتر، سەد هەزار ئەسەف بۆ جەنەرەیشنێکی مەحف بووەوەی بە سەراب چووی جارانی دەورم، لەمانەش گەڕێم، پانزە ساڵە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەوویستی کوردی ئەم خۆر ئاوایەم وەك هەزاران کوردی دڵسۆزی تری هەندەران نەخشە و پیلانی زانستیی و ئەکادییمیی گەشی بوارە خزمەتگوزارییییەکان بۆ ئەم هەرێمە ئازادەم ئەکێشیین و ڕاستەو خۆ ئەیدەین بە گوێی ووردو درشتی مەسئوولانی کوردوستانەکەماندا و کەچی ئەمجارەش ئەسەف لە سەدا دووی ئەو پڕۆژە گرنگانە یا ناکرێن یا بە سەقەتیی و نیوە چڵ جێ ئەهێڵدرێن و ماڵ کاوولیەکەش هەر بۆ خەڵکە سووتەمەنییە بێ پشت و پەناکەی شۆڕش و ژیان ئەمێنێتەوە، دەنا ئەوەی زەرڕەیەك پشتی بەو حاڵە نەیەشاوە و جەرگی ژانی نەکردووە بۆی - لە پڕ لە هەندەرانەوە ئەبرێتەوە و ئەکرێتە سوڵتانی موتڵەقی وەزیفە و مەنسەبێکی حەساس و ئەمییش وەك زەروو زیاتر دەم ئەنێت بە شا خوێن بەری جەستەی دۆلار مژیینی کۆمەڵگا خۆشباوەڕەکەمانەوە، ڕاستە کەس نکۆڵیی لە زۆر کاری چاك و بە پیتی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی ناوەوەی کوردوستان ناکات و بە تایبەتیش ئەرکی پۆلیس و ئاساییش و پێشمەرگەی ئەسڵ کە بە ڕاستی ماندوو بوونیان کارێکە حورمەتی لەسەر چاوان و هەتا پشتگیرییشیان لێ بکرێت هێشتا هەر کەمە، بەڵام بیلاهی کوفری وویژدانییە کە لە کاتێکدا ئەو ماندووە ناو براوانە هەرێمەکەمان لە هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکیی ئەپارێزن و کەچی بە دەست هە ڕەشە ی چڵێس و هەلپەرستانی بێ دین و وویژدان ی سەر خوێن و ئارەقەی نێوچەوانی ناوخۆی میللەتەوە ئاوا بناڵیین، ، لێرە سێ ئاواتی هەرە گرنگی تریشمان سەرباری دەیان ئومێدی تر هەبوو کە ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە زیاتر پتەو کردنی ژێر خانی گشتی هەرێمەکە و گوزەرانی تایبەتیی تاکەکانی کۆمەڵگاکەشمانەوە هەبوو، یەکەم - درووست کردنی فڕۆکە خانە ی نێو دەوڵەتیی کە مەگەر هەر پسپۆڕانی ئەو بووارە لە سوودە مادیی و مەعنەوییەکانی حاڵیی بن و شکوور وا سەرباری گەلێك کەم و کورتیی بووینەتە خاوەنی ئەو دامەزراوە گرنگە، دووەم بوونی پۆستێکی تایبەتی پرد ئاسا کە هەرێم و هەندەران پێکەوە ببەستێتەوە و لە سەردانەوەشمدا زۆر بە ووردی باسی گرنگیی ئەم پڕۆژە هەرە گرنگە م لەگەڵ هەندێك لێپرساوی خوارووی کرد و وەڵامەکەش هەمان وەڵام (ئەم کارە لە دەسەڵاتی مادیی سەروو خۆماندایە)، نا بەڕێزان، پێك هێنانی دەزگا و ئۆفیسی پۆستی نێو دەوڵەتیی کوردیی بەر لە هەموو شت پەیوەستە بە متمانە ئیداریی و پسپۆڕییەکانەوە و ئەگەر ئەم دوو خەسڵەتە لە ئارادا بن ئەوا تەرەفی دەرەکیی هەر وولاتێك زۆر بە دڵنیایی ئامادەیە کە مەسرەفە کەمەکەشی بکێشێت، بۆ نموونە لێرە لەگەڵ هەمان هاوڕێی شارەزاو دڵسۆزمدا چەند جار لەگەڵ پۆستی دەوڵەتی کانەدا دا کە بە بەڵگەنامە و خەڵاتی جیهانیی سەرکەوتوو تریین پۆستی جیهانە باسی چۆنیەتی ڕەخساندنی ئەم پردەی پۆست و - بەرید - ی نێوان هەرێمی کوردوستان و ئەم ئەمریکای باکوورە مان کردووە و وەڵامی ڕوون و ئاشکرایان پەیوەندی بە ڕێژەی تا چەند متمانە بە خۆ بوونی ئیداریی و پسپۆڕیی خۆمان وەك کورد لە چوار چێوەی پەیمانە پرۆتۆکۆلیەکاندا هەبووە نەك ڕێژەی مەسرەفە ئێجگار کەمەکەی، ، ئامانجی مردارەوە بووی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

5-10-2007 0:27بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

سێیەمیشمان (هەڵبەت دیسان من باسی ئەمریکای باکوور ئەکەم و لەم ڕووەوە بە ووردی سەر لە ڕەوشی ئەوروپا و هتد.. دەرناکەم)، ئامانج و ئاواتی بوونی نوێنەرایەتییەکی هەرێمە لێرە، ئاخر لە کاتێکدا کە ئێمەی کوردی باشوور لە 99% و نیومان لێرە بۆ هاریکاریی کڕینی کفنەکەشمان ڕوو ناکەینە سەفارەتی عێراقیی و دوور لە هەر موجامەلەیەکی خۆ خەڵەتێنەرانەی سیاسییە کوردەکانمان بە خوێ ی چێشتییش خۆمان بە عێراقی نازانیین و بۆ ئەزەل و ئەبەدییش نەزانییوە، ئیتر بۆ پێویستییەکی بچووک ڕوو بکەینە کوێ؟! ئەمە پرسیاری دەیان ساڵەی کوردە نەك ئەمڕۆ، جالییە کانی عەرەب و فارس و هتد.. بێ ئەوەی پێویستیان بە هاریکاریی یەك دۆلاری ڕژێمی دەوڵەتەکەیان بێت، ڕووبەری جوگرافیای ئۆفیسی جالییەکانیان لە سەفارەتەکانیان گەورە تر و قاسەی پارەکانیشیان پڕ ترە، هەر لە ناو ئۆفیسی جالییەی عەرەبییدا لە تۆرنتۆ و مۆنتریال و دیترۆیت و کالیفۆرنیا و لاس ڤەیگەس و هتد، ، ، دا بۆ نموونە دووانزە ئۆفیسی جیاوازی خزمەتگوزاریی هەن، هەر لە بە ڕێ کردنی گرفت و ئاریشەی تازە پەناهندەوە بۆ پارێزەری بەلاش و ناکۆکی کۆمەلایەتی و خێزانیی و پەروەردەی زمان و هتد، هتد.. شکی ئەبەن و لە چاو تروکانێکدا کێشە هەمە چەشنەکانیان چار ئەکەن و ناهێڵن بگاتە دەم پۆلیس و دادگای ئەم دەوڵەتانەی کە ئاکامیان سەد دەر سەد کاوول کردنی خێزان و هەرای تەڵاق و بگرە کووشتنی ئافرەتانییشی لێ ئەکەوێتەوە، ئاخر ئەوەندە تەرمی بێ نازی ڕەوەندی کوردمان لە گۆڕستانە چەپەکە دوورە شارەکاندا ناشت ڕۆحمان دەرچوو، خۆ ئەگەر پێشمان ئەڵێن پەیوەندی بە بەڕێزانی نوێنەری حیزبە کوردیەکانەوە بکەن!! ئەوە مایەی قاقای پێکەنینێکە (گریانێکە) کە ئەمخاتە سەر گازی پشت، ، بۆ.. ؟! چوونکە بەر لە هەموو شت سێ بەشی کورد لێرە نازانن ئەو بەڕێزانە کێن و ئەدرێسیان کوێیە؟! دووەم / تا ئەم چەند ساڵەی دواییش کە هێشتا بەرەکەتی دۆلاری حیزبیان لە کوردوستانەوە بۆ هەڵنەڕژابوو خوودی خۆم یارمەتی مادی و مەعنەویی و بگرە ئسلووبی قسە کردنی دیبلۆماسیانەشم فێری زۆرێك لەو ئەندامانە ئەکرد و / سێیەم و چوارەم و دەیەمییش، ئەو نوێنەری حیزبانە جارێ هێشتا خۆیان بە فە رمی لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە نەك هەر نەناسراون بەڵکوو ئەگەر بێتوو بە ناوی حیزبەوە و لە شێوەی واسیتە کردنێکدا تەلەفۆنی دەزگایەکی دەوڵەت بکەن ئەوا دوور نییە پۆلیس نەچێت و باڵبەستی نەکا، موختەسەر ئەگەر لە ماڵەکانیشیاندا دوو تاك قەنەفەی دیاری حیزب هەبێت بۆ چوار میوان و لەتێك بە دڵنیایی ئەیڵێم جگە لە چایەك و کەمێك ڕێز گرتن چیتر حاسڵ ناکەیت و دەستێکی تەڕ ئەهێنن بە (ق.. ) تا، من خۆم ژمارە تەلەفۆنی ماڵەوەی نوێنەری حیزبێکم دابوو بە خێزانێکی کوردی زۆر لێ قەوماو، ژنی لێپرسراوەکە بەر لە هەموو شت بە کۆمەڵێك جوێنی خەستەوە پێ ی وتوبوون: - چ -.. بابێك - ئەم ژمارە تەلەفۆنەی ئێمەی پێ داوون؟!!!! دواییش پێی وتبوون ئەگەر چل ساڵییش بێت ئەندامی ئەم حیزبە بن و چل شەهیدیشتان دابێت بڕۆ بۆ کەسابەتی سەر جادەکان، خۆ ئێمە لەسەر دۆلار دانەنیشتووین و هتد.. لە کاتێکدا نە ژنە مەسئوول و نە مەسئوولی ناوبراوییش شارەکانی کوردوستان بە باشی شارەزا نین و نە خاوەن یەك فیراری سەربازییش بوون، ناوی پێشمەرگایەتییش ئەوە هەر لە ماڵی ئەواندا مەهێنە چوونکە تا چەند ساڵێك لەمەو بەر پێشمەرگە لای ئەوان (موخەڕیبب) و ئەنفالییش خەتای گووند نشیینە (دووا کەوتووەکان!!!) خۆیان بوو، بەڵێ نە خەون و پێشنیازی چواردە ساڵەی کردنەوەی - پۆست ئۆفیس - هەنگاوێکی بۆ نرا و نە ئێمەی لێرە تاقە هەتیووی میللەتان کەوتووش وەك کۆماری - تەیمووری شەرقیی - کە جوگرافیا و پۆپەلەیشنەکەی هێندەی چەمچەماڵەکەی خۆمانە ماڵێکی فریاد ڕەسمان هەیە تاکوو لە بچووک تریین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێقەوماندا سەری پیا بکەین، من دەمێکە وتوومە:- حکوومەتی بەڕێزی هەرێمەکەمان درەختێکە و ئێمەش لە هەندەران سێبەری ئەویین، ئاخر کە درەختەکە کەمێك خوار بێت ئیتر چۆن سێبەرەکەی ڕاست ئەکرێتەوە؟!!)

......................

- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.